# کۆسپەکانی پێک نە هاتنی دەوڵەتی کورد !

**ڕەشاد - مستەفا سوڵتانی**

کۆسپەکان چی بوون و، بۆ تائێستا کوردستان قەوارەیەکی سیاسی – جیوگرافیایی نێو دەوڵەتی وەر نە گرتوە ؟ بۆهێشتا سنورەکانی وڵاتی کوردستان دیاری نە کراوە . ئاماژە بە پڕ بەهاترین فاکتورەکان و دیاردەکان بە گرینگ و پێویست دەزانم.

## 1- شۆڕشی ئوکتوبر!



شۆڕشی 1917 کاردانەوەی زۆر نیگەتیڤی لە سەر ڕەوتی مێژووی کورد دانا. ئەم شۆڕشە مەزن و گەورەیە، لە سەر بناغەی کۆمەڵگایەکی فیئۆدالی ،جووتیاری(موژیکی) و دوواکەوتوو دامەزرا. کۆمەڵگای ئەو کاتەی رووسیا بە نیسبەت کۆمەڵگاکانی بریتانیا ، ئاڵمان و فەرەنسا دوواکەوتوتر بوو. پاش شۆڕشی ئوکتوبر قاتی و قڕی باڵی بە سەر روسیادا کێشا و ڕێبەری مەزنی کرێکاران -ولایدیمیرئیلیچ لنین- تەرجومەیەکی لۆژیک ، مەنتیقی و چاک تری لە هەل و مەرجە تازەکە هەبوو.خێرا تێگەیشت کە دەبێ دەرگاکان بکاتەوە تا کارتیل وکومپانیە زلەکانی سەرمایەداری ،لە وڵاتی شوراکان دەوریان هەبێت .چەپە توند ئاژووکان لە لنین قەلس بوون و دایانە بەر تانە و تەشەر .پێوەرەکان و لیکدانەوەکانی لنین ،سەبارەت بە ژێنگەی کۆمەڵایەتی رووسیا زۆر مەنتیقی بوو وردبینانە هەڵیدەسەنگاند و بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە: "بیگومان سوسیالیزم لە سەرمایەداری باشترە، ئەمما کاتێک کۆمەلگای رووسیا هێشتا قۆناغی فیئودالی تینەپەڕاندووە و ئاسەواری قۆناغی دەرەبەگایەتی لە وڵاتی رووسیا هەر ماوە و،سەرمایەداری قۆناغێکی پێشکەوتووترە لە فیئودالی وتازە لەم کۆمەڵگایە خۆی نیشان دەدا، کە وایە ستراکتوری سەرمایەداری بۆ ئێستای رووسیا خراپ نیە ." تەنانەت لە شۆرشی ئوکتوبر پەژیوان بوەوە و وتی: ئێمە هەڵەمان کرد ! گەورەترین هەڵە بوو کە کردم ،نەدەبوو بە پەلە لە سەر ژێرخانی جووتیاری ئەو شۆڕشە ڕێبەری کەم ! بە خێرایی سیاسەتی گونجاوی *" نیپ "ی هەڵبژارد و دەرگای وڵاتی پان و بەرینی رووسیای بۆ کارتیل و شیرکەتە چەند میللیەتیەکان ئاوەڵە کرد تا خەڵکی برسی رووسیا لەو شکستە ڕزگار بکات . مارکس و ئینگلس لە هێچ نوسراوەیەکیان نەیان نوسیوە کە شۆڕشی سوسیالیستی لە رووسیای دوواکەوتوو ، روو دەدا .ئەگەر لنین بمابایە بیگومان ،ئەوەندە زانا و کاریزمابوو کە دەیتوانی چارەی دەردەکان بکات و بەداخەوە ساڵی 1924 وەک شەخسیەتێکی هەرە بە توانا و کەم وێنەی مێژوو، گیانی لە دەست دا. ژوزیف ستالین قسەکانی لنینی سانسور کرد و لە پەردەی نهێنیدا هێشتیەوە و ، تەنیا بژاردەی وتەکانی لنینی بڵاو کردەوە. ئەحزابی برادەر یانی:حیزبی شیوعی عێراق ،حیزبی شێوعی یەمەن ، حیزبی کومونیستی ئێریتەرە ،حیزبی تودەی ئێران ، حیزبی شیوعی لوبنان و حیزبی کومونیستی هیند کە لە دەزگای سامناکی ( کا ،گێ، بێ) دیکتەیان پێ دەکرا ، ئەوانیش هەموو قسەکانی لنینیان بۆ ئامانجەکانی خۆیان تەرجومە دەکردەوە وسانسوریان دەکرد . دژایەتی و شەر لە نیوان دوو ئوردووگای سوسیالیزمی جووتیاری و سەرمایەداری ڕۆژئاوا هاتە ئاراوە . ئەو دوو ئوردووگایە ، بە هێچ شێوەیەک حازر نە بوون بە خاتری پرسی کورد بەرژەوەندیەکانیان لای حکومەتەکانی ئێران،تورکیا و عێراق کەم بێتەوە . و ئەو بەرژەوەندیانە،تا ئاستێکی سەر سوڕ هێنەر، بان تر لە پرس و کێشەی کورد بوو. شۆڕشی ئوکتوبر لە پڕوسەی مێژووی هاو چەرخدا، تا ئاست و رادەیەکی بەرز ،کوردی لە پێک هێنانی دەولەتی خۆی مەحروم کردو، ئەو ڕوداوە مێژووییە بە زەرەری کورد شکایەوە. شۆڕشێکی مەزن و گرانبەها بۆ هەژارانی دونیا بوو ،ئەمما سەرکەوتنی بولشویزم پرسی کوردی توشی وەستان کرد .بوڵشویکەکان بە ئاشکرا ژنرڵ ئاتاتورک و کەمالیزمیان یارمەتی دەدا و بار و دۆخێکیان خولقاندبوو کە کورد قەلاچۆ کرا و بزووتنەوەکانی شکستی هێنا.وەک بزووتنەوەی شێخ سەعیدی پیران1925 ، بزووتنەوەی ئیحسان نوری پاشا 1930 ، بزووتنەوەی شێخ ڕەزای دەرسیم 1937، کۆماری کوردستان1924(مەهاباد)، حکومەتی شێخ مەحمود 1925، بزووتنەوەی سمکۆی شکاک 1926 . پاش لنین، ژنڕال ژوزیف ستالین بوو بە گەمیەوانی ئەو کشتیە داغانە، لە تۆفانی مێژوودا.ستالین نابودی فیزیکی نەیارانی وەک سیاسەتی ڕەسمی حیزب بە دەستەوە گرت و لەو بوارەدا، ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ناوەندی حیزبی، کە سەرمایەی چینی کرێکار و خاوەن ئوتوریتەی

جیهانی بوون ،دانه دانه و به خشکەیی ملیانی پەڕاند و له ناو برد . له دەورانی ستالین کورد جگه له زەرەر هیچی تری دەست نەکەوت . پرسی کورد بوو به قوربانی ، ئامانجه رووناک و لێڵەکانی بولشویزم . مارکسیزم عیلمه وعیلمی خەباتی چینەکانه. یانی شەڕی هەژاران دژی دەسەڵاتداران و چەوسێنەران .مارکس و لنین به هێچ شێوەیەک دووگم نەبوون ودەروازەی مارکسیزمیان ئاوەڵه هێشتووەتەوە تا له سەری زیاد وله قۆناغه پر له هەلسوکەوتەکانی مێژودا بژار کرێت و، له گەڵ زانست و پێشکەوتن دا ، هاو ئاهەنگ و هاو ڕەوت کرێت چونکوو مارکسیزم زانستێکی وشک نیه،کە وایه، پێداچونەوە و زیاد کردن له سەر مارکسیزم هەرگیز تاوان نیه و بگره زۆرێش پیویسته .ئەو عیلمه ئێستا وەک شتێکی بەردینی لێهاتوه ،له حاڵێکدا دەبێ مارکسیزم زیندوو و له چەشنی ئاو ڕەوان ،دڵگیر و به ئاسانی له ناو چینی هەژاردا ئاژین بێت . شۆڕشی ئوکتوبر فاکتۆرێکی نیگەتیف و کاردانەوەی خراپی له سەر پێک هێنانی دەوڵەتی کورد هەبوو.

**2- پلاتفورم و بەیانیەی چوارده ماددەیی ڤیدرۆ ویلسون**

پلاتفورمی ساڵی 1918ی سەرۆک کۆماری ئامریکا ڕاستەوخۆ بیر و ڕای گشتی دونیای بۆ پێک هێنانی حکومەتی کورد ،ئاماده کرد . به تایبەت کوردەکانی هەریمی باکووری کوردستانی(تورکیا) هان داوه تا دەوڵەتی خۆیان دروست کەن . هەڵویستی نیلسون به نسبەت داهاتوی کوردەوه ،به هادار و به نرخه . لیئون تروتسکی که داهێنەری ئەرتەشی سوور بوه و ماوەیەک له لایەن ستالینەوه بۆ تورکیا دوور خراوەتەوه ، و شاهیدی کوشتاری گەلی کورد بوه ، هیچ هەڵویستیکی نیشان نه داوه و سکوتی کردوه .ئەرتەشی سوور بۆدیفاع له نەتەوه هەژار و زۆڵم لیکراوەکانی دونیا پێک هات و قەرار بوو دژی دیکتاتورەکان بێت . ژنراڵ ستالینیش ئەوەی بیرەحمی و تاوان و جەنایەت بوو به نسبەت کوردەوه کردی و به زۆره ملی هەموو کوردەکانی بەرەو ئاسیای ناوەڕاست کۆچ دا.پلاتفورمی ویلسۆن فاکتۆرێکی چاک وپۆزیتیف بۆ پێک هێنانی دەوڵەتی کورد بوو.

**3- ڕێکەوتن نامه و پەیمانی شاری سیڤەری فەرەنسا!**

پەیمانەکه ساڵی 1920 عوسمانیەکان و هاوپەیمانەکان ئیمزایان کرد ، ئیعترافیان به دامەزراندنی دەوڵەتێک له کوردستان کردووه . لەو پەیمانەدا بەندەکانی 63،62 و 64 بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەر به خۆ تەرخان کراوه . له پەیمانی ساڵی 1923 شاری لۆزانی فەرەنسا، وەرچەرخانێکی سامناک هاته ئاراوه کە، چارەنوسی کوردی بەرەو تاریکی و ملشکان برد . کەمال ئاتاتورک دەسەڵات و هیژمونی سیاسی تورکیا به دەستەوه دەگرێت . ڕەزا شا ی ئێران ،حکومەتی قاجارەکان شکست دەدا .دوو دیکتاتوری دژ به کورد ،یانی ڕەزا شا و کەماڵ ئاتاتورک دەسەلات و هێژمونی سیاسی به دەستەوه دەگرن که له هەوەلین ڕۆژەکانی حکومەتیان زمانی کوردیان قەدەغه کرد . به داخەوه، ڕووناک بیری کورد له هەر بەشێک که لکاوه به حکومەتی داگیرکەرانەوه ،ڕاستەوخۆخزمەتی بەلاش و خۆڕایی به زمانەکانی عەرەبی،فارسی و تورکی کردووه . زمانی کوردی به باشی له لایەن ڕووناک بیری کوردەوه نەپارێزراوه، بەڵکوو مرفولۆژی و قەوارەی جیوگرافی کوردستان، ئەو زبانه ناسکەیان پاراستوه . له کوردستانی باشوور،ڕەش بینی و نائومێدی گەیشته ئاستێک که دەیانگوت:**جگه له کوێستانەکان ،هێچ دۆستێکمان نیه ! له لۆزان کەمالیسته کان حازر و له کەمیندا بوون و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیان له بار برد و نایانه گۆڕ. پەیمانی سیڤەر فاکتۆرێکی نیگەتیف بۆ پێک هێنانی دەوڵەتی کورد بوو.

**4- قۆناغی تەمەن درێژی فیئودالیزم له کوردستان**

عومری یەکجار زۆره و تەمەن درێژه .ماڵی ئاوەدان بێت سێزده سەده عومری کردووه وکولتور، زمان،هونەرو ئەدەبیات وکۆمەڵگایەکی داخراوی به سەر کوردستاندا ،داسەپاندووه . ئەگەرچی کوردستان هیواش ونەرم نەرم خۆی لەم قۆناغه دەرباز کردووه ودەکا ئەمما، داگیرکەرانیش به تەواوی هێزیانەوه یارمەتی دەورانی فیئودالی دەدەن تا هەر باوێشک بدات و سێبەر و ئاسەواری به سەر کۆمەڵگای کوردستاندا بمێنیتەوه . ئیستا داگیرکەران، له کوردستان وەک تاکتیک خێڵ و عەشیرەت و تایفەیان زیندوو کردوەتەوه و بۆ مەبەسته گڵاوەکانئ خۆیان کەڵکی لێ وەر دەگرن .فیئودالیزم و کۆمەڵگای داخراوی جووتیاری، کاردانەوەی خراپی له سەر پێک هێنانی دەوڵەتی کورد هەبوه .

**5- حکومەتی سونی عوسمانی و حکومەتی تۆخی شیعەی سەفەوی !**

چوار حکومەتی سوپر شوڤینیستی داگیرکەر ،کە بە هەزاران هەزار کیلومیتر، سنووری دەستکردیان دروست کردووە ، تۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان بەشە جۆراجۆرەکانی کوردستانیان زۆر لاواز و کز کردوە . سەرەنجامی ڕێککەوتنەکانیان گەورەترین زەرەری لە قەوارەی یەکگرتوی جیوگرافی و زمانی کوردی داوە بە جۆرێک کە کوردستان چوار لە ت کراوە و زمانی کوردی بوو بە خاوەنی دوو زاراوەی سەرەکی کرمانجی سەرو و کرمانجی خواروو( سۆرانی) ،کە ڕەوتی گەشەی" زمانی ستانداردی کوردی"تووشی بارگرژی کردوە . بنیاد نانی ئەم دوو حکومەتە بە مەیل و بۆچونی ئیسلامیەوە، فاکتورێکی نیگەتیڤ بوە وهەمێشە کوردستان ،مەیدانی ململانێ و شەڕی ئەو حکومەتانە بوە و لە ئاکامدا ،وێران و خاپوور کراوە و لە گەشەی ڕامیاری وکۆمەڵایەتی هاو چەرخ، جێ ماوە. شوڤینیستەکانی ئەمڕۆ بە تەواوی هێزیانەوە یارمەتی کۆمەڵگای کوردستانیان نە داوە تا لە گەڵ ڕەوڕەوی مێژوودا، هاو سەفەر و لە دوواکەوتووی دەرباز بێت . تەنانەت نەیانهێشتوە گەشەی ئابوری-کۆمەڵایەتی پێویست بکات. داگیرکەران هەرگیز بە شێوەی جیددی پاڵ پێوەنەری کۆمەڵگاکە بەرەو قۆناغی پێشکەوتوی سەرمایەداری نەبوون .ئێستا ئاسەواری فەرهەنگی نوێ و شارستانی لیرە و لەوی و بە تایبەت لە شارەکان زاڵە ودەبینرێ ،کە پاڵ پێوە نەری کۆمەڵگای کوردستانە تا لە سەر ڕەوەندی گەشەی مودێرن ، گلوبال و هاو چەرخ بڕوات . دوواکەوتوویی، کە دوژمن دایسەپاندووە فاکتۆرێکی نیگەتیڤ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کورد بوە .

**6- شێوەی بیر کردنەوەی ڕێبەرانی کورد!**

(کلاسیک و کۆن و باڵی چەپ ئاژوو و ڕادیکاڵی کورد ) کۆسپێکی ترە . ماوەیەکی زۆر وەرگێران و تەرجومەی بیر و ئەندیشەی دەقەکانی مارکسیزمی هاوردە ، بە سەر باڵی چەپدا زال و سێبەری خستبوو.دەقەکانی مارکسیزمی چینی ، رووسی بە زمانی ئینگلیزی تەرجومە دەکرایەوە و پاشان چەپی میللەتەکانی خاوەن حکومەت بۆ سەر زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی و لە پلەی ئاخردا بۆ سەر زمانی کوردی تەرجومە دەکرایەوە . ئایا دەقە تەرجومەکراوەکان جێگای متمانە و باوەڕ بوون؟ ؟ئایا لە تەرجومەی وتارەکانی مارکس و لنین سەبارەت بە مافی چارە نووسی نەتەوەکان ئەمانەت داری کراوە؟بۆچی دامەزراندنی حیزبی کومونیستی کوردستان بقەیە؟ لە هەموو دەقی تەرجومەکاندا ، بە نەتەوە زۆلم لیکراوەکان و بە تاییەت نەتەوەی کورد ڕاسپێردراوە کە قازانجی چینی کرێکار لەوەدایە ، کورد لە گەڵ ولاتانی داگیر کەر بمێنیتەوە !لەم سەدەیەدا، کورد داوای جیا بونەوە بکات ، هەر گیز بە زەرەری چینی کرێکارنیە .نموونەی جیابونەوەی سەرکەوتومان زۆرە .سلۆڤاکیا لە کانالّی دیالۆگەوە لە چێک جیا بوەوە .دوورگەی تیموور لە فیلیپین جیا بوەوە. لە کانادادەڤەری فەرانسەوی زمانی " کەبیک "، بە تەواوی سەربەخۆیە ، لە ئالّمان دەڤەری بایەر و لە سوید دەڤەری سکۆنە بە تەواوی سەر بە خۆن و چینی کرێکار بە هێچ شێوەیەک زەرەری نە کرد .بە داخەوە تاقمێک لە چالاکان و شۆڕشگێرانی کورد کە خێرا هاتن و تیژ تێپەڕین، بێ بەڵگە هێنانەوە ڕێبەر، دیموکرات ، هەمە لایەنە و کاریزما بوون ، گیانیان لە پێناو ئازادی و دیموکراسی بەخت کرد ومەرگی ئەوان خەسارەتێکی مە زن و گەورە ی لە رزگاری کوردستان دا.ئێستا وەرچەرخانێکی تا رادەیەک لۆژیک و مەنتیقی لە هەڵویست، بیر و بۆچون وپراکتیکی ڕێبەران و ڕیکخراوە کوردیەکان هەست دەکرێت .هیوادارم بیزاری جەماوەری بەرینی خەڵک لە یەک نەگرتنی حیزبەکان،ئەزمونی تاڵی شکستەکان ،کاردانەوەی خراپی نە پاراستنی سەرمایە و سامانی خەڵک ، شەڕی پڕ زامی خۆکوژی و نرخ دانان بۆ خواست و ئارەزوی سەدان سالەی گەلی کورد، حیزبەکانی بەو قەناعەتە گەیاندبێت کە بۆ ڕزگاری و هەموار کردنی هەل و مەرجی پیک هێنانی دەولەت، پلاتفورمێکی هاو بەش واژوو کەن و یەکگرن . شێوە بیر کردنەوەی تۆخی چەپ و تەرجومەی دەقەکانی مارکسیزمی هاوردە و ناسیونالیزمی بەر چاو تەنگ ، فاکتورگەلێکی نەشیاو بۆ پێک هێنانی دەوڵەتی کوردین .

**7- خەباتێکی نوێ و پڕ بەها، تازە لە دایک بوە!**

وتە بە ناو بانگەکەی مائوتسە تونگ کە دەڵێت:" هێژمونی ودەسەڵاتی سیاسی لە لولەی تفەنگەوە دەر دێت " ماوەیەکی زۆر لە سەر خەبات و بەرەنگاری پێشمەرگانەدا دەوری نیگەتیڤی نواند . خەباتی مەدەنی و شارستانی و مودێرن تازە لە دایک بوە و کاردانەوەی هەیە . لەم بوارەدا کوردستانی باکوور و تا ئاستێکی نە زۆر بەرز ،کوردستانی ڕۆژهەلات سەرکەوتنی بەرچاویان

به دەس هێناوە .خەباتی مەدەنی و شارستانی و دیالۆگ تازە پێی گرتوە ولە فەرهەنگی ئێمەدا جێی خۆی کردوەتەوە و بە کار دێت . لە کوردستانی باکوور تەجومەیەکی گونجاو لە خەباتی پێشمەرگانە و نافرمانی مەدەنی – نەتەویی قەوارە ی گرتوە و لە گەل بارو د ۆخەکەدا گونجاوە و بە ئاشکرا دەسکەوتی مێژوویی هەبوە و لە لایەن بیر و ڕای گشتی جیهانیەوە وەر گیراوە . خەباتی مودێرن و شارستانی فاکتۆرێکی شیاو بۆ پێک هێنانی دەولەتی کوردە و دەبێ نرخی زۆرتری بۆ دانێن .

**8- بەرەنگاری و خەباتی سەربەرزانەی پێشمەرگە !**

فاکتورێکی هەرە مەزن و گرینگە کە یارمەتی خەباتی کوردی داوە و لای بیر و ڕای گشتی جیهانەوە وەر گیراوە . ڕێکخراوە کورد ییەکان و پارتیزانەکانی، بە درێژایی خەباتی پێشمەرگانە هەر گیز بۆ تاکتیکی خۆکوژی و خۆ تەقاندنەوە پەنایان نە بردووە و، ڕاستەوخۆ و سەد لە سەد،لەو ئاکارە دژە مرۆڤایەتی و ئینسانیە پارێزیان کردووە . لە مێژوویی خەباتی پێشمەرگایەتی ، کاری تیروریستی ناجوامێرانەیە و نرخی هەرگیز نە بووە .دوورەپەرێزی لە تاکتیکی تیروریستی ئێستا ستاتوس و حورمەتی باشی بۆ پێشمەرگە و گەلی کورد دەستە بەر کردووە و سەری بەرزی پێشمەرگەی بەرزتر کردوەتەوە .یەکەم جار باڵی ئیسلامی فەلەستینیەکان ، دژی ئیسرایل ئەم شێوە خەبات و تاکتیکەیان هەڵبژارد و هیواش هیواش گورووپی توند ئاژوو و تاقمی تری ئیسلامی بە دەستیانەوە گرت ، کە لە ڕاستیدا نەفرت و بیزاری زۆریان دەرحەق بە خەڵکی ڕۆژهەلاتی ناوەراست خولقاندووە و هەروا پێک هێنانی" دەولەتی فەلەستین "ی زۆر خستە دواوە .(لە فرۆکەخانەکان هەرکە زانیان خەڵکی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی پشکنین و کونترۆل دوو قات دەبێتەوە). ئەم تاکتیکە ترس و سام، پەرە پێ دەدات و گەورەترین ڕێژەی قوربانیانی ،تەنیا ژنان و منداڵانی بی تاوان و مەعسومن .عەرەبستان،سوریا، ئێران،پاکستان،دراوی زۆر و ئیمکاناتی ولاتەکەیان بۆ ڕێکخستن و یارمەتی ئەو گرووپانە تەرخان کردووە .بۆ نموونە ،جمهوری سێدارەی ئیسلامی ،کار ئاسانی و یارمەتی چەند "گەنجی توند ئاژووی سەقزی"، دا تا لە سنووری خۆراسان دەرباز بن و خۆیان بە هێزەکانی تاڵیبان گەیاند . و زۆری پێی نە چوو لە لایەن هێزەکانی ناتوە کوژران . کردنەوەی کتێبخانە ی جمهوری سێدارەی ئیسلامی لە شاری هەولێر، هەر لە پاڵ سیاسەتی ڕووخاندنی هەستی نەتەوایەتی گەنجانی کورد شرۆڤە دەکرێت. پێشمەرگە هێچ کات لە شیوە خەباتی" بێزهێنەر و ناجوامێرانەی تیروریستی" کەڵکی وەر نە گرتوە ،ئەگەرچی هەمیشە دەیتوانی بە ئاسانی تاکتیکی تۆقێنەر و وەحشیانەی تیروریستی بە دەستەوە بگرێت . خەباتی پێشمەرگانە هەمیشە لە کەرامەتی میللەتی کورد دیفاعی کردووە و فاکتورێکی شیاو بوە و لە ژنۆسایدی گەلی کورد بەر گرێ ڕاستەوخۆی کردووە .حوزووری هەمیشەیی پێشمەرگە لە گوندکان، ناوچە شاخاویەکان و دوور لە شارەکان ، بە قازانجی دوژمن بوە.شارەکان کانونی بزووتنەوە وسەنگەری خەباتی مەدەنی بۆ ڕزگاری و چارە نوسی میللەتی کوردە و دەوری دیاریکەریان هەیە .هێزی سەر بەرزی پێشمەرگە دەوڵەتی کورد گارانتی دەکات و دەپارێزیت

**9 - مێشک شوردنەوە و تەشە سەندنی نەخوێندەواری !**

نەخوێندەواری دەردی بی دەرمانە . شوڤینیزمی زاڵ لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست هەموو ولاتی کوردستانیان لە عیلم ،زانست و پێشکەوتن مەحرووم کردوە . ڕێژەی نەخوێندەواری لە گوندەکانی کوردستان حەشر دەکات و ئاستەکەی مرۆڤ دەترسێنێت، و لە شارەکانیش ئاستی نە خوێندەواری نزم نیە .دانانی زانکۆ، مەدرەسەی هاوچەرخ، ئەنستیتوی و زانستگا وەک پێویست بۆ کورد نە کراوە .لە باتی زانکۆو ئەنستیتو سەربازگەکان ، تۆڕی جاسوسی بەر فراوان،مکانیزمی تاڵان ، بردن و هەڵلوشێنی داهاتی کوردستان لە ئاستی باوەڕ پێنەکراودا ، گەشەی سەندووە . ئەوەی هەمیشە بۆ حکومەتە ناوەندیەکان نرخی هە بوە دانانی جاسوس خانەی ئاشکرا و نهێنی ،بڵاو کردنەوەی ماددە هوش بەرەکان ،ئاودان کردنەوەی گۆڕستانەکان، ساز کردنی زیندانی تاکە کەسی و گشتی . سوکایەتی سیستماتیک بە شارۆمەندانی کورد و پەرە پێ دانی خورافات و میلیتاریزە کردنی کۆمەڵگای کوردستان بوە .نەخوێندەواری ئامێریک بوە وئوتوماتیک دوژمن بۆ چەوساندنەوە ، تاڵان و مێشک هەڵکۆڵین ومێشک شوردنەوەی خەڵکی کورد هەڵبێژاردوە و کەڵکی چاکی لی وەر گرتوە . ئەمڕۆ نەخوێندەواری ، وەک نەخوشینێکی کۆمەڵایەتی چاو لێدەکرێت و وفاکتۆرێکی نە شیاو بۆ پێک هێنانی دەولەتی کورد بوە .

**10 -هەموو شکستەکان پیلانی زل هێزەکان و داگیرکەران نیە !**

هەرگیز مەنتیقی نیە،  وا  بزانین هەموو جەنایەتەکان پیلانی داگیرکەران و وڵاتانی زل هێزی جیهانیە. مەنتیقیە کە دەوری خراپی رێکخراوە کوردیەکان و یەک نەگرتنیان ،پێکدادانی  خوێناویان،نە بوونی پلاتفورمی هاوبەشیان ، نە زانینی "دەوڵەت داری" و بە تایبەت فاکتورێکی رووخێنەر،نەک کەم هاوتا بەڵکوو بێ وێنەی شەڕی ناوخۆیی( خۆکوژی) لە ئەستۆ بگرین .شەڕی خۆ کوژی ڕاستەخۆرێکخراوە کوردیەکانی ، ناچار بە هەڵکشان و داکشان کردووە  و بار و دۆخی وەستاو و رەش بینی لە ناو جەماوردا، داسەپاندووە . دیاردەی شەڕی ناوخۆیی، لە ناوحیزب و ڕیکخراوە کوردیەکان، هەرگیز ئاوارتە (استثنا) نە بووە و گشت گیر بووە . هەموو خەتاکان بۆ نەیاران،  دا  نە نین ، بەڵکوو رێکخراوە سیاسیە کوردیەکانیش لەو شکستانە بەشی زۆریان، لە بوارەپر لەهەلسوکەوتەکانی مێژووییدا بۆ خۆیان تۆمار کردووە . رووسیا و فینلاند جار و بار شەڕیان بوە وهەڵویست و فیداکاری شارۆمەندانی فینلاند ، سەبارەت  بە ڕزگار کردنی  وڵاتەکەیان لە  دەست هێرشەکانی رووسیا نموونەی بە نرخ و گرانبەهای مێژوویین . کاتیک دەوڵەتی فینلاند پارەی بۆ کرینی چەک و تەقەمەنی نامێنێت ، زۆربەی هەرە زۆری ژنانی فینلاند، خشڵ و ئاڵتون و زێری خۆیان  وەک دیاری بە دەوڵەت دەبەخشن و ، بەو شێوەیە " دەسەڵاتی کرێنی " دەولەتی فینلاند، دەستەبەر دەکەن . لە ئیوارەیەکی سارد و شەرێکی نابەرانبەر  دوو پارتیزانی فینلاندی ، دەکەونە کەمین و بەرەورووی پەلێک سەربازی رووسی دەبنەوە .یەکێک لە پارتیزانەکان هەر بیر دەکاتەوە و برادەرەکەی پرسیاری لێدەکات .بۆچی وا ئەوەندە بیر دەکەیتەوە ، ئایا دەترسی؟ لە وڵامدا دەڵێت نا ناترسم  ،بەڵام ئیستا دەبێت شەڕی سەر و ماڵ و قورس بکەین . ئەمما بەیانیش کاری زۆرمان دەبێ و زۆریش ماندوو دەبین . هاورێ کەی دەڵێت  ئەگەر شەڕی چاک بکەین ، کە شەو تاریک داهات ،  قە ڵای مەردانە و کارمان تەواوە  .دیسان پرسیار دەکات .پێم نالێت بۆچی بەیانی کارمان زۆرە ؟ هاورێ کەی وڵام دەداتەوە ودەڵێت: بەیانی دەبێ بۆ ئەم رووسانە  و  هەموویان قەبرهەڵکەنین و پێت وایە هەڵکەندنی ئەو گۆڕانە ئێمە ماندوو ناکات؟ جا بزانە هەڵویست و پێوەری فیداکاری  ژنان و پارتیزانەکانی فینلاند سەبارەت بە ڕاماڵینی سەربازی رووسی لە چ ئاستێکی بەرزدا بوە . ئەگەرچی فیداکاری پێشمەرگەی کوردستان بەرزترین  ئاستی هەبوە ،ئەمما هەستی نەتەوەیی فینلاندیەکان ، لە هەستی نەتەوەیی گەلی کورد  یەکجاربەرزتر بووە .

## 11- دەسەڵاتی ستالین!

پاش شۆرشی ئوکتوبر، دیکتاتوری  بێ رەزای ژنراڵ ستالین، مەسیری مێژووی بەرەو  هەڵدیر برد .بە زەقی یەک حیزبی و ئابوری دەوڵەتی ، بەرجستە کرایەوە وپەسەند کرا. دانانی کۆپی حیزبی کومونیستی رووسیا لە ئورووپای رۆژ هەڵات ، تەنیا هەژاری و نەداری گەیاندە چلەپۆپەی خۆی و وڵاتانی رۆژ ئاوایش ، هەموو وڵاتانی بە ناو سوسیالیستیان بۆ کێبڕکیەکی نەخوازراو و دروست کردنی چەکی کوشندە و ماڵ وێران کەر، پاڵ پێوە نا . بەو جۆرە وڵاتانی ئورووپای رۆژ هەڵات، لە گێژی گێژاو کەوتن . ئێستاش  پەنابەرانی  جمهوری سوشیالیستی رۆمانی  لە وڵاتانی ئیسکاندیناوی بە شەرمەوە سواڵ دەکەن .هەڵ و مەرج و باروودۆخی لە دایک بوونی نازیسم و فاشیزم ،دوای شکستی شۆرشی ئوکتوبر ئامادە و دەستە بەر کرا و ، لە هەندی وڵات   بۆ نموونە لە :ئێران ،تورکیا، ئاڵمان، ئسپانیا وئیتالیا ناسیونالیزم بە سەرکەوتن گەیشت . سەرکەوتنی ناسیونالیزم و شوڤینیسم  لە سەر پێک هینانی دەولەتی کورد ،کاردانەوەی نیگەتیڤی هەبوو. سیماو کەسایەتی ناسراوی ئەو دەوریە بریتین لە: هیتلر، موسولینی، ئاتاتورک، رەزا شا،فرانکۆ کە دوو دیکتاتوری هەرە بە ناو بانگی  دژ بە کورد یان تێدا هەڵکەوت . ئاتاتورک و رەزا شا بە راستی  لە کاناڵی سەرکوت و قەڵاچۆی  بیرحمانەی گەلی کورد،خزمەتی چاکیان بە نەتەوەکانی خۆیان کرد و لەپێناو و لەو بوارەدا، کۆمەڵگای کوردەواریان ، توشی  دوواکەوتویی  کەم وێنە کرد . دوو زلهێزی جیهانی یانی رووسیا و ئامریکا ،پرسی کوردیان بە هەند نە گرتوە و لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان ،زەرەریان لە کورد داوە،و لە رۆژهەڵاتی ناوراست لە حکومەتە دیکتاتورەکان دیفاعیان کردووە . بەڵام پێ دەچێت  ئیرادەی لیبراو و گەشەی سیاسی خەڵکی کورد، مێژوو و شۆرشی  نوێ تیکنۆلۆژی بەر بە پلانە خراپە کانی ئەوان بگرێت .

### * خواستی خەڵکی کورد چییە؟

کوردستان لە لایەن چوار دەوڵەتەوە گەمارۆ دراوە و زیندانێکی گەورەیە .

مەیل و ئیرادە و ڕاسپاردەکانی بیر و ڕای گشتی خەڵکی کورد، پێک هێنانی سێ دەولەتی دیموکراتیکە کە پەیوندییەکی بەر فراوانی ئابوری، سیاسی،کۆمەلایەتی ونەمانی سنوورە دەستکردەکان قەوارەکەی دەبێت ، ودیموکراسی، ئاشتی و سولح لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستە بەر دەکات . ئەو مەیل و ئارەزوە یەکجار پەرەی سەندووە . خەڵکی کورد دەیەوێت سنووری دەستکرد ، بە شێوەی وڵاتانی ئوروپایی نەمێنی و شەرایەتی پێکەوە ژیانی سێ حکومەتی کوردی لە گەڵ نەتەوەکانی تری ناوچەکە فەراهەم بێت . ناکۆکی ڕیکخراوەکانی کوردستان لە گەڵ یەکتر ، قەیران ، لەت بوون و دابران لە یەکتر، شەڕی خۆکوژی ناو بە ناو و بی سەمەر ، توانیان ئاستی هەستی نەتەویی گەلی کورد دابەزێنن و سەرجەم فاکتۆرێکی زۆر خراپ و زەرەرمەند بۆ گەلی کورد بووە.

*****

بۆ زانیاری تر:

Kamal Madhar Ahmad. :1- Kurdistan . During the first world war , by

by :President Woodrow Wilson ,  2- Platform

Programmed of the worlds peace ,of 1918 said that the non-Turkish minorities of the ottoman empire should be assured of an ,unmolested opportunity of autonomous development .

The Age of extremes , 3-

Eric Hobsbawm 1914- 1991:A History of the world by

Noam Chomsky , interviewed by: Farid Adib 27 february 2010 , rahesabz.net 4-

5- بەرەی سەرمایەداری پرسی کوردیان ،بۆ سات و سودای خۆیان لە بوارەکانی مێژوودا بە کار هێناوە ، تەنیا ئاوارتەی(استثنا) ئەم بازنە ئیستعماریە دوو کەس بوە.یەکەم سەرۆک وەزیرانی بریتانیا ، چرچیل بوە کەلە مافی کورد لە شیوازی دەولەت یا قاڵبێکی فیدراڵیدا پشتیوانی کردووە .دووهەم سەرۆک کۆماری ئامریکا ڤیدرۆ ویلسۆن لە پلاتفورمی خۆیدا، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ڕاسپاردوە و ڕچاو کردووە .

6- تاریخ روسیه شوروی ای. اچ .کار ترجمه ی نجف دریابندری تهران جلد سوم 1371

7- پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا ! نەوزاد عەلی ئەحمەد ، بیر و ئەندیشە و دیکۆمینتەکانی ڕێزدار "عومەر شێخ موس "ی لەم کتێبەدا کۆ کردوەتەوە .ساڵی 2010 لە سوید کتێبخانەی هەرزان چاپی کردوە .

: Ny Ekonomisk Politik *NEP

* No friends, but Mountains !*